## ئەدەبی نامە

# ئەو نامەیەی بەبێ پوول دەگاتە هەموو ئەدرێسێک

**هیوا قادر**

لە ساتەکانی نائارامیتا، ئەو ساتانەی کچێتیت تاریک دایەت و هەست بەبێ مانابیی ژیان دەکەیت، بیر لەوە بکەرەوە من لەو ساتانەدا بیر لە خڕێتیی مەمکەکانی تۆ دەکەمەوە.

هەر چ کاتێک هەستت بە دووریی من کرد، سەرت کەمێک شۆڕکەرەوە و لەسەر سنگی خۆت بڕوانە، بزانە چەندە قایم خۆم دەدەم بەدیوارەکانی دڵتا و دەڵێم بۆ نامبینی ئەوەتام لێرە. بیر لەو خۆشبەختییە بکەرەوە کە پیاوێک وەک ئاگر نێڵەنێڵ لە چاوەڕوانیی ئەوەدایە زوو پێی بگەیت تا لەزەت لە عاشقبوون و پیاوبوونی خۆی ببینێت لە باوەشی تۆدا. ئەو پیاوەی لە هەموو خۆڕووتکردنەوەیەکدا هەمیشە هەست بە ساردیی سەر سنگی خۆی دەکات کاتێک کە سەری تۆی لەسەر نابینێت.
کە بیر لە تۆش دەکاتەوە سەرسنگی دەبێتە دەریاچەیەکی ئارام کە پڕە لە هەناسەدانی ووردە ماچەکانی تۆ کە هەر وەک گوڵەبادەم ڕژاونەتە ئەوێ.
کە بێ منی تاریکی کردیت، خۆت لەبەر بریسکەی چاوی پشیلەکانی ئێوارانی شامدا ڕووناک بکەرەوە کە تژین لە ژیان،
بیر لە شەوقی دەنکە سوور و ڕووناکەکانی ئەو هەنارە توێک وشکانە بکەرەوە کە لە بەقاڵێکی پیری پاڵ مەزارەکەی (ئیبن عەرەبی)دا کڕیمان:
گەر هەستت بە بەتاڵیی ڕۆح و وشکبوونەوەی خۆت کرد، بڕۆ چاو ببڕە چڵە نەعنایەکی تەڕ،
بیر لە سەبری گەییینی دەنکە گوڵەبەڕۆژەیەک بکەرەوە کە تاڵێک تیشکی خۆر پڕی دەکات لە ئومێد،
دەست بەسەر زەبری توێکڵی کاڵەکێکدا بێنە و بەدڵ بۆنی کە تافێنک بێتەوە، بەدوای عەرەبانەیەکی میوەدا تا ئەوپەڕی سیللەی کۆڵان ڕابکە، کە خاوەنەکەی

نازانێ چ گەوهەرێک هەرزانفرۆش دەکات.
لەبەر خۆشەویستیی من لەگەڵ خرمەی قاژکردنی شوتییەکاندا سوێند بە ژمارەی ناوکە ڕەشەکانی بخۆ کە هێندە منت خۆش دەوێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرلەنوێ گوڵگرتنەوەی هەر دەنکە شوتییەکدا بزانرێت عاشقێک وێردێکی بەسەردا خوێندووە.
هەموو بەیانییەک بەیانی باش لە با بکە، هەموو ئێوارەیەک بۆنی گوڵێک بکە، هیچ شەوێک بەتەنیا و بێ چرپەی شیعرێک مەخەوە، تا هەست بە ناشیرینیی ژیان نەکەیت.
پێش هاتنت سنگت پڕ کە لە گەرمی ئەو بەیانیانەی کە لە سەحراوە دێن، سوپاسی سێبەر بکە کە ناهێڵێت ئێمە هێندە لەخۆر بڕەنجێین، کە ڕومان نەیەت بەیانیان پەنجەرەکان بەڕووی ڕۆژدا بکەینەوە.
کە شەوقی خۆرت لەسەر تورتیی ماسولکەکانی ئەسپێک بینی کە وەک ڕۆن بەسەریا دەڕژێ، گوێ لە لەرزەی کەمەری خۆت بگرە و هەست بە خۆشبەختی بکە کە ژنێکی چەند عاشقیت،
گوێ لە دەنگی پێکدادانی بەردی ملوانکەکەت بگرە لەسەر سنگت کە هەر لە دەنگی پێکەنینی ئەو ووردە زیخانە دەچن کە جۆگەلەیەکی باریک لەگەڵ خۆیدا دەیانبات.
با میوەکان خڕ دەکات و عەشقیش مەمکەکانی تۆ.
بێ ڕژانی دڵۆپە بارانەکان ڕەنگەکان لە یەکتری دروست نابن،
بێ چاوەڕوانیش عەشق پێ ناگات و ماچەکان گوڵ ناگرن،
ئاسمان گەر شین نەبووایە ئێمە ئارامیمان نەدەناسی،
گەر عەشق نەبووایە جوانی مانای نەدەبوو،
گەر خوا خۆی دەرخستایە نەماندەپەرست،
بێ جوانیی جیاوازیی ڕەنگەکان، میوەکان تامیان نەدەبوو.
چاوەڕوانی گوڵی پێ گرتووم، چاوەکانم زیاترن لە ژمارەی ساڵەکانی عومری خۆم، چاوەکانم هێندە زۆرن فریا ناکەوم بینینەکانم بەسەر پەیڤەکاندا دابەش کەم. دەڵێی دەنکە شاتوویەکم هەمیشە خوێنم لێ دێ، من چەند دەستەپاچە و عاشقم خوایە.

---

* یەکێک لە نامەکان لە کتێبی (هێندەی ڕووناکی ناو دەنکە هەنارەکانی باخی دنیا خۆشم دەوێی) لە نووسینی هیوا قادر و سەحەر ڕەسایی، کە بەو زووانە لە دەزگای ئاراس چاپ دەکرێت.